# بەڵێ، هەڵەیەک ڕووی داوە

تێکۆشەر خالید

# بەڵێ، هەڵەیەک ڕووی داوە
## تێکۆشەر خالید

بەرگ: سەیوان سەعیدیان

قەبارەی کتێب: **١٤×٢١**

چاپ: یەکەم- ٢٠١٣

چاپخانە: ڕۆژهەڵات

بڵاوکار: یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر

بەڵێ، هەڵەیەک ڕووی داوە
تێکۆشەر خالید

چاپی یەکەم- ٢٠١٣

# کورتە چیرۆک

# مەیتبەر

یەکەم ئێوارەی بوو، ڕووبەڕووی تەرمێکی وا ترسناک ببێتەوە، ئەو تەرمە لەلایەن کۆمەڵێک گەنجەوە دۆزرابووەوە، لەناو تەلیسێکی قاوەییدا. تەرمەکە پیاوێکی ڕەشتاڵەی لاوازبوو، لەناوقەددا کردبوویان بە دوولەتەوە دیاربوو، بە تەور بڕدرابووەوە. گەنجەکان لە پێش ئاژاندا، ئەوەیان گوتبوو، کە نازانن لە کوێ دۆزیویانەتەوە و تەنانەت کاتەکەیشیان نەدەزانی، ئەفسەرەکە، لە کۆتایی و وەڵامی لێکۆڵینەوەکەدا، گوتبووی، ئەوان لە ترسدا بیریان چووەتەوە، کە ئەوەیش گەورەترین ئاستەنگ لە بەردەم بەدواداچوونەکەیان دەبێت، هەموو هەوڵەکان بێمایە دەکەنەوە؛ ترس لە هەرشتێک لە دنیادا، واتە کوشتنی دیوی دووەمی خۆت. مەیتبەر، پیاوێکی لاوازی چاوکەسک بوو، لە شەودا مرۆ نەدەوێرا تێیبڕوانێت، ئەوی دیتبای تووشی مۆتەکە دەبوو. چاوەکانی وەک پشیلە

دەبریسکانەوە، عادەتەکانی ژیانی سەرسوڕهێنەربوون، هەموو تەمەنی، تەرخانی گواستنەوەی تەرمی مردووان بوو بەرەو گۆڕستان. لە ڕاستیدا ئەو خۆی بۆی دەگێڕامەوە، کە لەوەتەی هەیە، تەرمێکی لەم شێوەیەی نەبینیووە؛ بەشێکی ڕیخۆڵەکانی لە لەتێکی جەستەیدا و بەشەکەی دی لە لاکەی دیکەیدا بوو. هێندە خوێنی لەبەر چۆڕابووەوە، کە تەواو پەراسووەکانی دیاربوون، هەرچەند پێستەکەی لەلایەکەوە تا لای مەمکی هەڵدڕابوو، چاوێکی هەڵتۆقیو و چاوەکەی دی تەقی بوو، ئەو زۆرجاران بۆی دەگێڕامەوە و دەیگوت: لە حەیاتما یەک جار تەرمی ترسناکم دیتووە، ئەویش تەرمی ئافرەتێک بوو، کە بە کێردی قەسابی مێشکیان قلیشاندبوو، واتە لایەکی سەری پێوە نەبوو، تا ئێستایش نەزاندراوە، کێ و بۆچی وای لێکردووە؟

وەلێ ئەم تەرمە دوو لەتەی دوایی، ئەو پیاوە ڕەشتاڵە لاوازە، وای لە مەیتبەر کرد، کە واز لە کارەکەی بهێنێت و بەدوای بکوژی ئەو تەرمەدا بگەڕێت. لە کاتێکدا مەیتبەریی کارێکی بژێویی و ئینسانی بوو. مەیتبەر، ئەو بڕیارەی لەپاشئەوەدا، کە بەدەستی خۆی تەرمەکەی ناشت و دوو شەو لەسەر یەک تەرمەکە هاتە خەونی و خەوی لێ دەزڕاند، هەتا وای لێهات، بە پەلە تەرمەکەی دەرهێنایەوە و خستییە سندووقێکی ئاسنەوە و بڕیاری ئەوەی دا، بۆ بکوژی ئەو تەرمە بگەڕێت، کە تەواو بیروهۆشی داگیرکردبوو. لە ڕاستیدا من و مەیتبەر زۆر هاوڕێی یەکدی بووین، حەزم نەدەکرد ڕێی لێ بگرم و نەهێڵم بەدوای بکوژدا بگەڕێت. هیچم پێ نەگوت. خۆشمدەویست لەبەرئەوەی زۆر بە بەخشندەیی تەرمی

باوکمی ناشت و هاوکاریی کردم، بەڵام دوای ئەوەی وازی لە مەیتبەری هێنا، ئیدی نەمبینییەوە.
ئێستا من هەر لێرەم، لەم ولاتە، دڵنیام ئەویش لێرەیە و لە گەڕان پەشیمان نییە، بەڵام هەموو خۆزگەم ئەوەیە، ئێستا ئەم چیرۆکە بخوێنێتەوە، چونکە من هەواڵی کوشتنی تەرمەکە بە درووستی دەزانم و وا لێرەدا دەیخەمە ڕوو.
پیاوێکی ڕەشتاڵەی لاواز و چاوڕەش، خەڵکی شارێکی دی، لە یەک لە باخەکانی شار دا، عاشقی کچێکی پاکیزە دەبێت، بەڵام کچە مەعشووقی خۆی هەیە، ناشتوانێت دەستبەرداری ئەو عیشقەی بێت، ئەم هەر وازی لێ ناهێنێت، تا لەخشتەی دەبات و کچە لە مەعشووقەکەی دەکات. مەعشووقی یەکەمی خانمەکە، تووشی حاڵەتێکی دەروونی دێت و دوای یانزە مانگ جیابوونەوەی لەگەڵ خانمەکە، ڕۆژێکی سارد، کاتێک پیاوە ڕەشتاڵەکە، لە شارەکەی خۆی دەگەڕێتەوە و دەیەوێت بۆ جارێکی دی چاوی بە خانمەکەی بکەوێتەوە، بۆسەی بۆ دادەنێتەوە و لەگەڵ دوو برادەری شاعیری خۆیدا، زۆر ناشاعیرانە دەیکوژن، مەعشووقی یەکەم بە تەور دەیکات بە دووکەرتەوە، دوو هاوڕێکەیشی یەکیان بە قەڵەم چاوێکی دەتەقێنێت، پێشتر ئەوی دیکەیان هێندە بە حەماسەوە قوڕگی دەگرێت، تا چاوەکەی دی هەڵدەتۆقێت، دواجار لە توورەکەیەکی قاوەیی دەئاڵێنن و لە نێوان ڕێی ئەو دوو شارەدا فڕێی دەدەن، کە خانمەکە و ئەو پیاوەی بە یەکەوە بەستووەتەوە. دەشبێت ئەوە بڵێم، بکوژەکە شاعیرێکی ترسناک و سامناکە، لەوەتەی هەیە خەڵکی یەک وشە و تەنیا

یەک شیعریان لێ بیستووە، کە سۆزیی تێدا بەرجەستە بووبێت، ئەویش باسکردن و شیعرێک بووە، بۆ گوڵی سوور.

**گوڵی سوور؛ خانمی خاوەن دوو مەعشووق دەکات.**

ئێستا منی گێڕەرەوەی ئەم چیرۆکە، بەدوای مەیتبەردا دەگەڕێم. دەترسێم ئیدی نەیبینمەوە، ئاخر ئەو لەپێناو دۆزینەوەی بکوژێکی بێگوناهدا دەستی لەو ئیشەی هەڵگرت، کە جگە لە مەبەستی بژێویی، مەبەستێکی ئینسانی لە پشتەوە بوو. تا تەرمی هەر مرۆیەک بەڕێزەوە بەڕێ بکرێت یان نهێنیی ساردبوونەوەی تەنانەت مرۆڤێکی زۆربلێی گەرموگوڕیش پەی پێ ببات و پاشگەزی تەنیایی، ژیان نەبێتەوە؛ تکا دەکەم، هەر یەکتان زانیاریتان دەربارەی ئەم مەیتبەرە هەیە، یان شوێنی دەزانن، ئەم چیرۆکەی منی پێببەخشن، تا ئاگەداری ڕاستییەکە بێت، ئەمە جگە لەوەی، من بۆ هەمیشە بە دوای مەیتبەر و بە دوای گوڵی سووردا دەگەڕێم، ئاخر من خۆم مەعشوقی یەکەمی خانمەکەم، **گوڵی سوور**.

# یەک دڵۆپ خوێنی مەییو

بە ئاریۆس پێشکەشە...

دەروونی شەونمیی، وەک هەمیشە لەنێو ڕاڕەوەکەدا دەهات و دەچوو. ئاسمان تەڵخ و دزێو دەهاتە پێشچاو. تەنانەت وام هەست دەکرد، من زۆر بە پووچی هاتوومە بوون، گەرووم بەڵغی گرتبوو، لام وا نەبوو، جگە لەوەی بە گوێزان پێستی سەرم هەڵبکەنم، کارێکی دی ڕەحەتم دەکات، هەر کاتێکیش سەرنجی کوڕە چکۆلەکەمم دەدا، جگە لە ڕشانەوە چی دیکە نازانێت، ئەوەندەی دیکە دەماری هۆشم دەگردرا و لام وا بوو هێندە بچووک بوومەتەوە، قالۆنچەیەکی ڕەشی بەدبەختی بێچارە پێم دەوێرێت. لەوێوە دەستم پێکرد، ئاریۆسی کوڕم یازدە مانگە هەناسە دەکێشێت، دەروونیش، کە دەکاتە دایکی ئاریۆس، جگە لە هاتنوچوون کردن و جارجارە لە من ڕوانین

و زۆرینەی کات فریودانم، چی دیکە نازانێت. ئەو هەمیشە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، لەسەر لا بیسێکسێنم، کەچی من پێمخۆشە وەکو کەر بچەمێتەوە و سواری بم... (**سێ دێڕ کاڵبووەتەوە**) لە ڕاستیدا ئەم ئەفیونە بۆ من بووەتە هەمووشت. هەرچی تۆ ئارەزووی دەکەیت، لە کاتی کێشانیدا دێتە پێش چاوت. مامۆستا پەپوولە... بڕوات بێت، ئەگەر یەک جار تاقی بکەیتەوە، هەرگیز بەو جۆرە سەرزەنشتم ناکەیت. دایەرەی ئاژان، چەند جارێک هاتوونەتە سەرم، بەڵام هیچیان پێ نەکراوە، ئاخر ڕەنگە، ناوبانگی گرووپی مانگی سپیت بیستبێت، ئەو گرووپەی زۆر جار بە خوێنخۆرەکان دەناسرێنەوە. لە هەموو شارەکانی کوردستان، بنکە و بارگەیان هەیە. ئەوان بەردەوام پشتگیری من دەکەن، لەبەرئەوەی بە هاوسەرەکەی تۆوە، من خاوەنی چلویەکەمین قەتڵم؛ بۆ ئەوان؛ لە پێناو هەندێ ئەفیوندا. مامۆستا پەپوولە... داوات لێدەکەم جارێکی دی نەیەیتە دەرەوە، چونکە سەردەستەی گرووپ، زۆر ئارەزووی گا..ک..ی هەیە. بە تایبەتی لەگەڵ تۆدا، جا ئەوەی دەتەوێ بزانی مێردەکەت بۆ کوژراوە، هەر لەبەر ئەوەیە، بۆ تەرمەکەیشی من ناتوانم پێت بڵێم، یان ئەوەی هەر بۆی مەگەڕێ، چونکە بەڕاستی دوای کوشتنی شتێک نەمایەوە، بە ناوی جەستەوە. من خۆم جگە لە سەربڕینەکەی هیچی دیکەیان پێ نەسپاردم، بەڵام ئاگەم لێی بوو، کە بە چەقۆ گۆشتەکەیان پارچەپارچە دەکرد. پەنجەیان بە گاز دەپچڕی. دەعباکەیان بە ئاگر سووتاند. ئێستایش تۆ هاتوویتە ماڵەکەمەوە، دەبێت لە جیاتی خوێنی مێردەکەت، منداڵەکەم بۆ خۆت ببەیت، چونکە من پێویستم بەو منداڵە نییە.

ژیانی من ئەوەندە پووچ و بێمانایە، تەنانەت پێویستم بە خۆیشم نییە.
لەم ڕۆژانەدا داوای کوشتنی سەرۆکی شارەوانی ڕانسۆ و ڕفاندنی ژنەکەیان لێ کردم، ئەو کارەم کرد. تۆ دەزانی؟ ئەوە من بووم. لەسەر تۆ پێویستە، ئەگەر بێهودەییت گەیشتە ئەوەی لە منداڵەکەت بێزار بوویت؛ بیکوژیت، قونی بە چەقۆ هەڵبدڕە، تەعزیبی بدە، تەعزیب... تێدەگەیت! من تا ئێرە لە ناوەڕاستی بێهودەیی و ژیان ژیاندام، ئەوەی منی هێشتووەتەوە، دەروونی هاوسەرمە، کە وام لێ دەکات بخۆمەوە، بکوژم، ئاخر بیرم نەچێت، دەروونیش وەک هەموو ژنێک، ژنە! وەک دەبینی من ئێستا لاوازم، تۆ دەتوانیت وەک سەگ بمتۆپێنی؛ لە ڕاستیدا، من لەوەتەی هەم لاوازم، دنیایش هەر بەو جۆرە دەبینم، کە دەیبینم. ڕۆژگارێکی زۆر، من خەریکی کۆکردنەوەی نووسینەکانی **مەشوی** بووم؛ ئەو پیاوە زۆر سەرنجراکێشە... لام وایە، تەنیا من دەتوانم ئەو پیاوە مەزنە بخوێنمەوە. لە لاپەڕە **٥٠٠**ی دیوانەکەشیدا، ناوی من و دواڕۆژی ژیانی من، زۆر بە شاراوەیی هاتووە. دڵنیا نیم، چ پەیوەندییەک لە نێوان من و مەشویدا هەیە، بۆ دەبێت من و ئەو یەک جۆر شێوەمردنمان هەبێت! هەموو پێشبینییەکانی ئەو، دوای ناسینی گرووپی مانگی سپی، بەرەبەرە ڕوون دەبوونەوە.
دوای ئەوەی دڵۆپێک خوێنی مەییو، بە شووشەی سەعاتەکەمەوە زۆر سەیر قەتماخەی دابوو، گیرام و لەوێ ئەوانم ناسی. (وەک بڵێی لێرەدا دەنگی کەمێک نزم کردبێتەوە و لەسەر خۆ دەدوێت) جا دەمەویت تۆیش ببیتە نێو

گرووپەکەمانەوە، لە پێناو خوێنی مێردەکەت. لەبەرئەوەی من، لە پێناو خوێنی خوشکەکانم، بە مێردەکەی تۆوە، خاوەنی چلویەکەمین قەتڵم.

*"بەڕاستی مامۆستا پەپوولە بووبووە بەرد. ئیدی دەستی دایە جانتاکەی، چەقۆیەکی چکۆلانەی دەرهێنا. دەماری ملی بە نووکی چەقۆکەی بڕی. لەو شوێنەدا کەوت، کە من سەیری دەروونی هاوسەرم دەکرد، دەشمرۆانییە ئاریۆس، کە زۆر لەسەرخۆ دەڕشایەوە..."*

*لام وا بێت هیچی دی نەنووسم باشترە، چونکە ئەوەندە بەسە، کە بەیانم کرد.*

**"ئەمە دەقی یەک لەو دوو نامە سەیرە بوو، کە لە باوکمەوە بۆم بەجێماوە. هەتا ئێستایش تێناگەم، بۆچی ڕووداوگەلی لەو جۆرەی ژیانی نووسیوەتەوە و پێشکەشی منی کردووە، ئەوەی لای منیش پیس جێی سەرسوڕمانە؛ ئێستا و زیاتر لە منداڵیم دەڕشێمەوە"**

# باخی پیرۆز

هەتاوەکو دوێنێ شەویش ئەوان بۆ بکوژی باخەوانەکەی باخی پیرۆز دەگەڕان، بەڵام بێ سوود بوو. ئەوا نزیکەی ساڵێک بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێدەپەڕێت، تەنانەت نازاندرێت باخەوانی باخی پیرۆز بە چی کوژراوە. هێندە نەبێت، پێستەکەیان بە جیا لە یەک لە ئاودەستەکانی ئەو باخە گەورەیەدا بینیوەتەوە. چاو و لووت و گوێیان بڕیوە و لە تورەکەیەکدا، لە ماڵێکی نزیک باخەکەوە دۆزراوەتەوە. لاشەکەیشی لە ناوەندی باخەکەدا. باخی پیرۆز یەک لە پاکترین، گەورەترین و سامناکترین شوێن بوو. تەنانەت ئەوانەی باوەڕیان بە دێوودرنج و نییە؛ باوەڕیان وابوو دەگونجێت، لەوێ شتی لەو جۆرە هەبێت. باخەکە لە دارستانێکی چڕی خەیاڵی دەچوو، لەبەرئەوە ناوی لێندرابوو **پیرۆز**، چونکە بۆ کەس نەبوو بچێتە ئەودیو باخەکەوە و هەر لە دێرزەمانەوە بە شوێنێکی پیرۆزیان زانیوە. بڕوایان وا

بووه، مرۆڤ بچێته ئەو باخەوە پیسی دەکات، پیرۆزیی لەدەستدەدات، بۆیە تەنیا باخەوانێکی پیر و نائاسایی لەو باخەدا دەژیا. ئەو ساڵانێک بوو لەم نیمچەدارستانەدا ژینی دەگوزەراند، هیچ لە ڕەفتارەکانی لە هیی مرۆ نەدەچوون، قسەکردنی لەگەڵ باڵندە و درەختەکان و تەنانەت خۆبەتاڵکردنەوەیشی پێویست نەبوو، چونکە خواردنی نەبوو. هەندێک هۆکاری کوشتنەکەیان بە ئەفسانە کردووە، بۆ ئەوەی دەگەڕێننەوە، کە ڕابردوو، ئەم مەیتبەر بووە و ڕەنگ و خووی مردووی گرتووە و شەوانەپیاسەی لاوانی تێکداوە و لەگەڵ مردووەکان کۆبوونەوەی کردووە. هەندێکی دی لە خەڵکی ڕایان وا بوو، کە باخەوان، بەردەوام نەیهێشتووە کەس بچێتە نێو باخەکەوە. لایان وایە، کوشتنی ئەویان بە ڕێ خۆشکەر داناوە، بۆ چوونە نێو ئەو باخەوە. ئەمە یەک لە هەواڵە بڵاوەکان، لەسەر کوشتنی باخەوان بوو، چونکە دوای ئەو بە ئاسانی دەچوویتە باخی پیرۆزەوە و دەشتتوانی بە ئەنقەست لقی درەختەکان بشکێنیت و میزیش بە درەختە پیرەکاندا بکەیت. تەنانەت تەرمی شێوێندراوی باخەوان، لە ناوەڕاستی باخدا دۆزرایەوە. هێندەی نەبرد شار پڕبوو لە کوشتن و بڕین. وای لێ هات، برا بە خوێنی سەری براکەی تینوو بوو. ئەوەی دەتبینی چەقۆیەکی بەدەستەوە بوو، خەریکی سەربڕینی ئەوی دی بوو؛ بێ ترس و دوودڵی، یان سڵ کردنەوە، دایکێک بە گوێزانی بەری خۆی، سەری منداڵەکەی دەکرد بە دوولەتەوە. باوکێک بە گاز، گوێی ژنەکەی لێ دەکردەوە و لە هەمانکاتدا نینۆکەکانی لە گەردنی ئاڵاندبوو، چاوەڕوانی خنکاندنی دەکرد. کوڕێکی چوارشانە، لە سوچی کۆڵانێکی تەنگ و نیمچەتاریکدا

سەری دوو کیژۆڵەی ڕووتوقووتی لەنێو تەشتێک ئاودا نابوو، هاواری دەکرد: ئای خوایە، چەندێک بە خنکاندنتان خۆشحاڵم! دەنگی زریکە و ناڵەناڵ تەواوی شاری گرتبووەوە، خوێن شتێکی ئاسایی بوو، تەنانەت بە دیواری ماڵەکانەوە، خوێنی مەییو قەتماخەی بەستبوو. شار بۆنی ساردی لێ دەهات، کەس بیری لەوە نەدەکردەوە، بۆ شارەکەیان لە پڕ گۆڕدرا و بوو بە مەیتخانە، ئەوان تەنیا بیریان لەوە دەکردەوە، چۆن یەکدی بکوژن و خوێنی زیاتر ببینن، پیرەژنێکی بە تەمەن، لە خۆشیی ئەوەی توانیویەتی دوو کوڕەزاکەی سەر ببڕێت، لە ناوەڕاستی شەقامێکدا خۆی ڕووت کردبووەوە و بە شیشی داخ، هەردوو مەمکە سیسەکانی کون کردبوو. پێش ئەوەی بکەوێت، کوڕی پیرەژنەکە، بە کێردی قەسابی، سەری دایکی کردبوو بە دوولەتەوە و مێشکی وەک فوارە تەقیبوو. خوێن پڕژابوو بەملاوئەولایدا. *هێشتا لەسەر چۆک بووە، یانی نەکەوتووەتە سەر زەوی*، کوڕەیش چەقۆکەی لە سەری خۆیدا ون کردبوو، کەوتبوو بە زەویدا. سێ هەفتە بەسەر ئەم کوشتنوبڕینەدا تێپەڕی و خەڵکی بە گوڕتر بەرەو پیری ئەم کارە دەهاتن. تەنانەت باخی پیرۆز، بووە بنکەی سەرەکی پیاوکوشتن، تەرمی مردووەکان زۆرینەیان بۆگەنی کرد، ئەوانەی مابوونەوە، بەردەوام دەڕشانەوە. خوێن و ڕشانەوە، بۆنسارد و بۆنی ڕشانەوە تێکەڵاوی یەکدی بووبوون. کوشتنێکی نوێ هاتە کایەوە؛ بە دووکەس، کەسێکیان دەگرت و دەمیان پڕ دەکرد لە ڕشانەوە و نەیاندەهێشت فڕێی بداتەوە، تا دەخنکا. لە جێی هەر شتێکی دی، لەنێو کووچەوکۆلانەکاندا، جگە لە خوێن، کەللەی سەر و تەور و چەقۆت دەبینی. خەڵکی

زۆر کەم مابوونەوە، ئەوانیش خەریک بوو بەرەو لەناچوون دەچوون. ئیدی شتێک نەمابوو بێزی لێ بکەنەوە. ڕشانەوە ئاساییترین شت بوو، لە کاتی نانخواردندا، تەنانەت پیسایی و میزکردن هەر لەو شوێنەی لێی ڕادەکشان و دەحەوانەوە، مایەی شانازی بوو. دانیشتووان ژمارەیان لە دووسەد کەس تێنەدەپەڕی، هەرکەسێکیش لە وڵاتێکی دیکەوە هاتبا، دەبوو دەستی یان قاچی ببڕنەوە.

ئێوارەیەکیان لەگەڵ بارینی بارانێکدا؛ لێزمە، هەموو شاری شووشتەوە و هەر لەو ئێوارەیەدا زۆر کتوپڕ پیاوێکی نوورانی و نائاسایی دەرکەوت؛ من خۆم چوومە لای پێم گوت: وەک دەبینن ئێستایش ئاسەواری خوێن و کوشتار بە ڕوونی دیارە. ڕاستییەکەی ئێمە هیوایەکمان بە تۆیە. دڵنیاین دەتوانیت ئەم شارە بگەڕێنیتەوە دۆخی جاران. ڕەنگە خۆت باخەوانی باخی پیرۆزت نەبینیبێت، بەڵام بڕوانە، هەر زۆر زوو دەتوانیت، ئەو و بوونی ئەو لە بیروخەیاڵی ئێمەدا بسڕیتەوە.

کابرای نووارنی و تازە دەرکەوتوو، نەیدەتوانی قسەبکات، بەڵام دەیتوانی بە تیشک و نیگای چاوی، هەموومان تێبگەیەنێت، کە چی دەڵێت و داوای چی دەکات. بەرەبەرە خەڵکی تێگەیشتن، کە دەبێت بۆ مانەوەی خۆیان، بۆ بەردەوام بوونی ژیان، پیرۆزی نەشکێنن. ڕێز لە هەموو ئەو موقەدەساتانە بگرن، بێ جیاوازی، جا سروشتی و خۆیی لە دونیادا بێت، یان مرۆ خۆی درووستی بکات.

وەک گوتم، هەتا دوێنێ شەویش، ئێمە بۆ بکوژی باخەوانەکە دەگەڕاین، بەڵام هەر دوێنێ شەو پیاوە نوورانییەکە، هەمووانی کۆکردەوە و بە چاو تێی گەیاندن، کە پێویست بە گەڕان ناکات، ئەوە بکوژی باخەوانەکەیە، کە نازانێت شتەکان بە پیرۆزی بهێڵێتەوە. پیاوە نوورانییەکە زۆر لەسەرخۆ هەنگاوی نا و چووە باخی پیرۆزەوە و دەرکەکەی لەسەر خۆ داخست.

بەمجۆرە پیرۆزیی بۆ باخەکە گەڕاندەوە و دواجار ڕۆحی بە پیرۆز ڕاگرتنی هەموو ماددەکانی ژیانی کرد بەبەری هەموو ئەوانەی مابوونەوە، کەسیش نەیدەزانی، کە یووسفی گوڵی سوور، ئێستا باخەوانی باخی پیرۆزە.

# چاوە سەوزەکانی پشیلە

سڵاو!

من مرۆڤێکی سادەم، ئەم نامەیەم گەیشتووەتە دەستتان، پشیلە چاوسەوزەکەم بەجێیهێشتم. تکا دەکەم، کە دێنە سەر تەرمی من، لێکۆڵینەوە مەکەن. تەنیا بەدوای ئەو پشیلەیەدا بگەڕێن، کە قردێلەیەکی پەمەییم لە کلکی بەستووە، تەنیا ئەو بکوژی منە. بفەرموون! سەرهاتی خۆم لەگەڵ پشیلەکاندا، پێش چەند خولەکی مردنم بەیان دەکەم.

گوێم لە گۆرانییەکی بیانی ڕاگرتووە. منداڵێک، کە نازانم ناوی چییە، لە تەنیشتمدا کزۆڵ دانیشتووە، هەوری ڕەش، ئاسمانی منی داگیرکردووە، دڵم ئەوەندە توند بووە، کە ئیدی نازانم هەنگاوی چەند خولەکی دواترم بەرەو کوێ دەبێت. ئەم ماوەیە بڕیارەکانم بە ویستی من نین، هاوڕێکانیشم درکیان بەمە کردووە.

پشیلەیەک، کە نازانم چۆن هاتووەتە ئەم گەڕەکەوە، تەنانەت خەویشی لێ حەرام کردووم، شەوانە تا درەنگ لە کۆڵان، لەسەربان، لە حەوشەی ماڵەکەمدا دەمیاوێنێت. دەنگی ئەو زۆر کات لە گریانی منداڵ دەچێت، زۆر جاریش وا دەزانی دەیەوێت لەگەڵ گەردووندا بجەنگێت.

ئەو پشیلەیە ژیانی منی تاڵ کردووە. زۆری بیر لێ دەکەمەوە، هەموو هەوڵەکانی من بۆ کوشتنی ئەو تا ئێستا بێ ئەنجام ماونەتەوە، زۆرجاریش دەرفەتم بۆ هەڵکەوتووە، لە ناوی بەرم، بەڵام دەستم نەچووەتە خوێنییەوە. ڕۆژێک منداڵانی گەڕەک، بە نیازی کوشتنی، وەدووی کەوتبوون، بەڵام من لێ نەگەڕام، هێنامەوە بۆ ماڵەوە، هەموو گیانی خەڵتانی خوێن بووبوو، چاوێکیانی خوێنی ڕەشی لێ دەچۆڕا، دەمولوتیشی خوێنێکی کاڵ و لینج و چەند مێشولەیەکی گیزەگیزکەری پێوە ئالابوون. زۆر بە سەیری هەناسەی دەدا، دەمگوت هەر ئێستا نا ئێستا گیانی دەردەچێت، زۆر لە خەمیدا بووم، دەمم لە دەمی نا، بە مەبەستی هەناسەپێدانی، بەڵام بێ ئەنجام بوو. پشیلە چاوسەوزەکەم گیانی دەرچوو. ئەمە وای لێ کردم، ئیدی ئەستەم بێت بتوانم دنیا بە ڕووناکی ببینم، لام وابوو ژیان بۆ من بریتییە لە تاریکی. ئاخر کام لە ئێمە، کە چاوەکانی دادەخات، دنیا بە ڕووناکی دەبینێت! کەواتە دنیا لە ناخی ئێمەدا تاریکە و بۆ ئەمەیش پاساوێکمان نییە. هەر چۆنێک بوو، بۆ ئەوەی مردنی پشیلەچاوسەوزەکە لەبیر خۆم ببەمەوە، دەستم دایە بەخێوکردنی پشیلە.

زۆر سەیر کەوتمە نێو دنیای پشیلەکانەوە، وام لێ هاتبوو ئێواران لەگەڵیاندا گۆشتی کاڵم دەخوارد، زۆر بێ مەبەست

دەممیاواند، لە هەمـوو ئـاوازێکی میاواندنـدا شـارەزا بـووم، ماوەیەکی زۆر ئەوانی لە دەوروبەری من بوون، بە شێتیان لە قەڵەم دەدام. عەشقی من بۆ پشیلەکان تا دەهات پتر دەبوو.

سـەرەنجام ئەوەی وێنام نەکردبوو ڕوویدا، ڕۆژێکی ساردی زستان، بەفر تا ئەژنۆ باریبوو، گێلاسخان، کە لەگەڵ گورگێکدا ژیـانی بەسـەر دەبـرد، بە خـۆی و بەچکەگـورگەکەی و سـێ پیـاوی‌بەشانوشـەوکەتەوە، کە زیـاتر لە سـێ دێـو دەچـوون، خۆیـان بە ماڵەکەمـدا کـرد. لەو سـاتەدا مـن خەریکـی بەچکەپشیلەیەک بووم، شیرم پێی دەدا. گێلاسخان بە دەنگێکی گـڕ، بەرز، کە لە لـوورەی بەچکەگـورگەکەی دەچـوو، گـوتی: (هێییـی کەشـە، هەر ئێسـتا پشـیلەکانت ڕەوانەی جەهەنـدەم دەکەم.)

ئەمەی گـوت و قاقـایەکی پیـرانەی لە گوێمـدا دەنگـی دایەوە. بەچکەپشیلەکەم توند لە ئامێز گرت و نوزەیەکم کرد. تەنانەت زمانی ئەوەیشم نەبوو، کە بپرسم چی ڕوویداوە، هەرچەندە دەنگێـک لە گوێمـدا دەزرنگـایەوە و دەیگـوت: **بەڵـێ، هەڵەیەک ڕووی داوە**. گێلاسخان بە بێ گوێدانە فرمێسکەکانی من، پەتی ملی بەچکەگورکەکەی لێ کردەوە، پەنجەی ئاڕاستەیی بۆ من ڕاکێشـا و لەگەڵ نەڕەیەکـی درنـدانەدا، هەتـا هێـزی هەبـوو، لە پشتەملی بەچکەگورکەکەی سرەواند.

بەچکەگورکەکە شالاوی بۆ هێنام، پشیلەکەم لە ئامێزدا بوو، کە شـەقێکم لە لمـۆزی ئەو بەچکەقەحبەیە سرەواند و ڕامکرد. دە هەنگاوم نەنـا، کە ئەو کوڕی قەحبەیە، قەپێکی لە قـاچی چەپـم گرت و بە زەویدا کەوتـم، ئـا لەو کـاتەدا پشـیلەکەم لە دەسـت کەوتەخوارەوە، فیچقەی خوێنی قـاچی چەپـم بەری چاوەکـانمی

تاریک داهێنا. ئەوەندەم ئاگا لێ بوو، کە گورکەکە پەلاماری سەری پشیلەکەی دا، تا گیانی دەرنەچوو وازی لێی نەهێنا. سێ پیاوەکە، کە زیاتر لە سێ دێو دەچوون، منیان دەستدایە و نازانم دوای چەند کاتژمێر بوو، بە ئاگا هاتمەوە و لەنێو ماڵەکەی گێلاسخاندا خۆم بینییەوە. ئەو گێلاسە سۆزانییەی تا دوێنێ من وەک جوانترین ئافرەتی سەرزەمین تێم دەڕوانی، ئیدی ئەو، ئەو ژنە نەبوو، کە لە ئەندێشەکانی مندا دەسووڕایەوە. سێ ڕۆژان بێ ئەوەی گێلاسە سۆزانیی دایک سۆزانی ببینم لە ماڵەکەیدا مامەوە. دوای ئەوەی ئازادی کردم، چوومەوە بۆ ماڵەوە. بەڵام ئیدی من چۆن ژیانێکم دەبێت، قاچی چەپم، کە هەرگیز بێ ئازار نابێت. لە ماڵێکدا، کە خاڵییە لە دەنگی پشیلەکان، ژین دەگوزەرێنم. من، کە لەگەڵ هەراوزەنای پشیلەکان کەیفم خۆش بوو، ئەوان خواردنی نێو تەنەکەزبڵەکانیان دەهێنایەوە و پێکەوە دەمانخوارد، من ئەوانم هەرگیز نەبینییەوە، ژیانیش ئەو واتایەی نەمابوو، کە لەگەڵ پشیلەکاندا ژیان دەست پێ بکەمەوە. ئەو پشیلانەی هەندێکیانم خۆشدەویستن و بەزەییشم بە هەندێکی دیکەیاندا دەهاتەوە.

ماوەی ساڵێکم بە ئازاری قاچی چەپم و بەبێ بوونی پشیلەکان بەڕێ کرد. ئێستا ساڵێک و حەوت مانگم بەڕێ کردووە، کە پشیلەیەکی چاوسەوز بۆ هەمیشە بێداری کردووم. دەمەوێت بڵێم خۆشەویستی ئەم پشیلەیە، مردنی هەموو ئەوانی دیکەی لەبیر بردمەوە، دەبێت بڵێم لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو پشیلە چاوسەوزەدا، بەچکەگورکەکەی گێلاس، بە نەخۆشی تۆپی، گێلاسیش دوای مردنی گورکەکەی، لە گەرماوەکەی خۆیدا خۆی سووتاند.

من ئەم پشیلەیەم ئەوەندە خۆشدەوێت، هیچ چرکەیەکی ژیانم نییە بیری لێ نەکەمەوە. دەبێت بڵێم خۆشویستنی من بۆ ئەو، هیچ پەیوەندیی بە ژیانی ڕابردوومەوە نییە. گوتیشم، کە هەرگیز ئارەزووی ئەوەم نەبووە بڕۆمەوە ناو دنیای پشیلەکان، بەڵام ئەم پشیلە چاوسەوزە، جیاواز لەوانی دیکە منی گەڕاندەوە بۆ ژیان، ژیانێک، هەرچەندە لەبەر چاوی من تاریکە، خودی ناوی ژیان دڵم سست دەکات. ئەمە جگە لەوەی بیری خۆکوشتنم لە هەناسەدانم زیاترە، بەڵام یەک هەوڵیشم نەداوە، بۆ خۆکوشتن، چونکە لام وایە هەر مرۆڤێک دەبێت لە خاڵی سفری پووچیی ژیانیدا بیرکردنەوەیەکی لەو چەشنەی هەبێت و دوای نەخات. من لەگەڵ ئەم پشیلەیەدا ژین دەگوزەرێنم، یانی تا ئەم ساتە، ئەو دینگەی لەسەرپێوەستانی ئەم ئادەمییەیە، کە خەریکە نامەتان بۆ دەنووسێت، بەڵام هەمیشە بیر لەو سێ پیاوە دەکەمەوە، کە زیاتر لە سێ دێو دەچوون، نەکا ئەم پشیلەیەیشم لە بن دەست دەربێنن، کە تەنیا ئومێدی ژیانی منە.

بۆیە دەبێت تا لەم ژیانەدا بم، لە ژووری پێنجەمی خانووە تاریکەکەمدا لەگەڵ ئەم پشیلەیەدا ڕۆژەکان تێپەڕ بکەم. ئەو پشیلەیەی بە چاوەکانیدا دیارن ئارەزووی گەڕانی هەموو جیهان دەکات. چەند سەختە ژیان لەگەڵ زیندەوەرێکدا، کە تانە لە بێ جووڵەیی قاچی چەپ و خۆزیندانی کردنی مرۆڤێک دەدات و هەمیشە بیر لە دەرەوەی ماڵەکەت دەکاتەوە، سەرڕای ئەوەی بە کێشی گەردوون تەنانەت ئازارەکانیشیت خۆش بوێت. چەند سەیرە عاشقبوون. چەند سەیرە پشیلەیەکت خۆشبوێت.

دەمەویێت بۆ دوایین جار بیرکردنەوەکانم بۆ عەشق تەرخان بکەم. دەمەویێت بڵێم چاوەسەوزەکانی تا ڕادەی نەخۆشخستن عاشقیان کردووم، کە چاو لە یادەوەرییەکانی دەکەم، لەرز دامدەگریێت. لە چرکەساتی بیرکردنەوەکانم، هەرگیز نەمزانیوە وەک مرۆڤێک لەسەر زەویم! من جگە لەوەی دەتوانم بگرییێم، لە دواساتەکانی تەمەنمدا، لە پاتکردنەوەی خۆشەویستیم بۆی هیچی دیکەم پێ ناگوتریێت.

# دوایین ستریپتێز

خۆکوژیی فەرماندە سەریاس تەواوی شاری شلەژاند، بەڵام هیچ کەس بۆ ئەمە لە کاری ڕۆژانەی خۆی دوا نەکەوت. ئەو ڕۆژە لە هۆڵی شەهید قازی ئاهەنگی سەما و میوزیک پێشکەش دەکرا. هۆڵەکە جمەی دەهات لە پیاوان، بە دەگمەن کیژێکت تێدا دەبینی. ژاوەژاوی هۆڵەکە ئالیای تازەکاری تەواو نیگەران و ترسبار کردبوو. دوای پڕ بوون؛ پاش کەمێک، بێدەنگی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا. دوو کەس لە لای چەپی دووەمین کورسیی سێیەم ڕیزەوە بە دەم گەنمەشامی خواردنەوە لە یەکدیان دەپرسی: دەڵێن ئالیای فەرمانده سەریاس ئەمڕۆ خۆی ڕووت دەکاتەوە! ...بەڵێ بەڵێ من دەزانم یەک لە ستریپتێزە باشەکان دەبێت. کەسی یەکەم بێ

ئەوەی بزانێت ستریپتێز چییە دەست دەکاتەوە بە گەنمەشامی خواردن. یەک لە ئامادەبووان بە دەنگێکی نەشازەوە بە هاورێکەی دەڵێت: دەزانی فەرماندە بێ ئومێدبوونی لە دۆزینەوەی کورەکەی بووە هۆی ئەوەی خۆی بکوژێت! ... نا نا من بیستم دەیانگوت لە شەرمەزاریدا خۆی کوشتووە، ئەدی ئەوە نییە کچەکەی بووەتە ستریپتێز! دوای ئەوەی ڕووناکییەکان دەکوژێنەوە، ئالیا دێتە سەر تەختەی شانۆ. دەنگی فیکە و جوانە و خۆشە و چەپڵەی ئامادەبووان، دەنگی میوزیکی پێشەکییەکە دەشارێتەوە. ئالیا دەستێک بەرز دەکاتەوە و هۆڵەکە بێدەنگی بۆ دەگەڕێتەوە. میوزیکژەنەکە دەیەوێت دەست بە ژەنین بکات، ئالیا ڕایدەگرێت. دوو نامە لە گیرفانەکانی دەردەهێنێت و داوا لە ئامادەبووان دەکات گوێی بۆ بگرن. ئەو بە خوێندنەوەی نامەیەکی باوکی دەستی پێکرد.

نووسینەوەی ئەو ڕووداوە بۆ من، کە لە ژیانمدا دێڕێکم نەنووسیوە، سەخت بوو. دوای ئەوەی، کە هەواڵی خۆکوشتنێکمان پێڕاگەیاندرا، زۆر بە پەلە وەک ئەرکی بژێوی بۆ لێکۆڵینەوە بەڕێ کەوتین. ئێمە چوزانین دەکەوینە دنیایەکەوە، کە زۆر جیاوازترە لەم دنیا ئەزەلی و سەخیفە؛ دنیای جن.ماڵێکی لەقوڕی داڕووخاو، سەیروسەمەرە بوو دنیابینیمان پێچەوانە بکاتەوە. من و هەر سێزدە ئاژانی[١]

[١] ئاژان: بە مانای پۆلیس دێت. لێرەدا بە مانای ئەفسەری لێکۆڵەر بەکارهاتووە.

ئێشکگر بە دوو تیشکدەرەوە[٢] بە دەوری ماڵەکەدا چەند جارێک بە وردی گەڕاین، هیچمان بەدی نەکرد. چووینە ژوورەوە. لە بەردەم دەرکەی ژووری یەکەمی ماڵەکەدا لاشەی شێواوی پیرەمێردێکی لاوازمان بینی. لە لای سنگییەوە شوێن چڕنووکێکی سەیرمان بەدی کرد. من لە فیلمە ترسناکەکانیشدا شتی وام نەدیتووە. جۆرێک بە درێژی پەنجە تووتەی من شوێن چڕنووکەکان قوڵ بوون. دەستەکانی خوێنیان تێدا نەمابوون، و بە قاچەکانی یەوە جێی گاز دیار بوون و لە تەنیشتییەوە چەند دەنکە حەبێک و شووشەیەکی ڕەش تێکەڵی خوێنی لەبەر ڕۆیشتوو و مەییوی پیرەمێرد بووبوون. یەک لە ئاژانەکان، کە تازە دەستی بە کار کردبوو، دوای ئەوەی میزی بە خۆیدا کرد، بوورایەوە. یەک لەوانی دی ڕشایەوە. منیش وەک ئەوەی پارچە ئاسنێکی گەورە بکێشن بەسەرمدا واقم وڕما بوو .نەمدەتوانی لە جێی خۆم بجوڵێم. لەو کاتەدا، کە هەموومان تاسابووین و بێدەنگییەکی سامناک دای گرتبووین. لە ژووری دووەم دەنگێک هاتە بەر گوێمان، کە لە هاڕەکردنی سەقفەکە دەچوو. ئەوەندەم توانی ڕووناکیی تیشکدەرەکە ڕووبکەمە دەرکەی ژووری دووەم و ئاماژە بکەم بە ئاژانی پلە دوو'سۆفی سەناریا' تا بزانێت چی ڕوویداوە. سۆفی سەناریا بە ترس و لەرزەوە ڕۆیشت. گەڕایەوە و بە ئاماژەی سەر پێی گوتم، کەسی لێ نییە و دواتر گوتی، کە کتێبن لەسەر

---

[٢] تیشکدەر: لەبری ئامێری ڕووناکی'لایت' بەکارم هێناوە.

ڕەفەکە کەوتوونەتە خوارەوە. ئەو هاتەوە لای من. دەرکەی ژووری دووەم بە توندی داخرا بە بێ ئەوەی کەسی لێ بێت. هەمووان لە ترساندا ڕامانکردە دەرەوە .دواتر تەنیا من و سۆفی سەناریا ماینەوە و بە ئەسپایی چووینەوە ژوورەوە. سەرەتا گوێمان لە غەڵبەغەڵب بوو. ئەو زۆری گوت، کە بڕۆینەوە دەرەوە؛ لەو گفتوگۆیەدا بووین، لە ژووری دووەمەوە دەنگی گریان و شینوشەپۆڕ بەرز بووەوە. سۆفی نزیک بووەوە. ڕووناکیی تیشکدەرەکەی خستە سەر کێلۆنی دەرکەکە. کێلۆنکە جولا. دەرکەکە کرایەوە. سۆفی بەدەمدا کەوت، وەک ئەوەی هێزێکی گەورە ڕای بکێشێت لەبەرچاومدا بۆ ژووری دووەم ڕاکێشرا. مانگێک بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕی و هەموو ئاژانی لێکۆڵەر و ئاسایش تەنانەت پێشمەرگەیش لەو ماوەیەدا لە هەوڵی ڕزگارکردنی 'سۆفی'دا بووین. ئەوەی بچووایەتە ژووری دووەم نەدەهاتە دەرەوە. هەر چۆنێک بێت بۆ جارێکی دی چوومەوە ژوورەوە، دیسان گوێم لە دەنگی غەڵبەغەڵب و دواتر گریان بووەوە. پارچە کاخەزێک، کە لەسەر بەفرگرێکی کۆن داندرابوو سەرنجی ڕاکێشام. بۆم دەرکەوت، کە وا نامەیەکی پیرەمێردە. دوای خوێندنەوە بە تەواوی هەموو هۆکارەکانی خۆکووشتنی پیرەمێرد و نهێنی ئەو ماڵە سەیرە و بە تایبەت ژووری دووەمم بۆ دەرکەوت. توانیشم بە هۆی ئەو کۆدە نهێنییەی پیرەمێرد نووسیبوی (من گووم.. شانزالیناتالی.. من گووم) لاشەی شێواوی هاوڕێم سۆفی سەناریا و ئەوانی دی بهێنمە دەرەوە و هەر بە کۆدی نهێنی (هوووگ یڕواهـ.. هوووگ یڕواهـ)یش ئەو جنانە لە خۆم دوور بخەمەوە. بەڵام ئەوەی

جێی سەرسوڕمانی منە؛ هۆکاری شێواندنی لاشەی پیرەمێردە و بەردەوام بیر دەکەمەوە، بۆچی پیرەمێرد لاشەی بەو جۆرە شێوێندراوە و کێ ئەنجامدەری ئەو تاوانەیە!

هۆڵەکە بێدەنگییەکی سامناک دایگرتبوو. ئالیا بێ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە دەستی بە خوێندنەوەی نامەی دووەم کرد.

"ئەوەی ئەم نامە یە بخوێنێتەوە جن دێتە نێو لەشیەوە"

لە نێوماڵەکەی مندا درەختێکی نائاسایی و سیسەمێکی زەرد و بەفرگرێکی کۆن و نۆسەدوچلوچوار کتێب هەیە و هیچی دی. ڕەنگە بڵێن ئەم پیرەمێردە ڕزیوەی لە لێواری قەبر گەڕاوەتەوە، وڕێنە دەکات. بەڵام بڕوا بکەن هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە، کە چۆن بێ ئەوەی بەشی هەناسەدانیش هەوا لەو ژوورەدا هەبێت، سەرچەفی سیسەمە زەردەکەم وەک ئەوەی ڕەشەبا هێرشی بۆ هێنا بێت بجوڵێتەوە. تا بە چاوەکانی خۆم نەمبینی کتێبێک لە کتێبەکانم پەڕەپەڕە وەک ئەوەی مرۆڤێک هەڵیان بداتەوە، هەڵدەدرایەوە. دواتر چووەوە شوێنی خۆی. لە لاتان سەیر نەبێت، خۆیشم پێم وابوو دەردی پیری وەهای بەسەر هێناوم. نا خۆزگە پیری بوایە. من هەرگیز باوەڕم بە جنۆکە و بوونی نەبووە، بەڵام ڕاست دەرچوو ئەوی بیری لێ بکاتەوە بۆی دێت. من زۆر لە جنۆکە دەهزرام، تا وای لێ هات تێکەڵی خوێن و ئێسکم بوون. سەرەتا تەنیا دەمتوانی هەست بکەم، کە یەک لەوان سەرشانەکانم بە

ئەسپایی دەخورێنێت .پەنجەیەکی باریک وەک تاڵێک دەزوو گەمە بە پشتم دەکات. کە بێدەنگ دەبم بیری لێ دەکەمەوە. ئەوانیش هەمیشە لە چواردەورمن. پیریی من پێوەندیی بەوەوە نییە، ڕەنگە شازدە ساڵ تا چل ساڵیش بووبام هەر بەو چەشنە جنۆکە دەوری بدابام. من ئێستە زمانی جنۆکەکان کەمێک شارەزام. بۆ نمونە ئەگەر بتەوێت لە خۆتیان نزیک بکەیتەوە بڵێ: من گووم.. شانزالیناتالی.. من گووم. ئەگەر ویستی تۆ بە پێچەوانەوە بێت ئەوا بڵێ: خنیمنازولی تاناتی.. یان .. هووووگ یڕواهـ.. هووووگ یڕواهـ . ...نەڵێن پیرەمێرد وڕێنە دەکات. کامتان باوەڕ ناکات با سێسەدوچلوچوار جار لەسەر یەک وشەی نزیک بوونەوە بە قوڵی بخوێنێ جا ئەوکات خۆی دەبینێ. ئەم نامەیەشم لەبەر دوو خاڵ نووسیوە. یەک: من چەقۆکەم ئامادەیە بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە لەگەڵ جن بژیم. ئەم نهێنییەیش بە شاراوەیی نەمێنێتەوە. دوو: بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بزانێت، کە هەموو ئەو جەستانەی ڕۆژانە بۆ یەک جار بە بەردەماندا دێن و ئیدی نایانبینینەوە لە جن زیاتر هیچی دی نین.

ئالیا دوای خوێندنەوەی نامەکە کەوتە سەر چۆک. یەک لە ئامادەبووان فیکەیەکی درێژی تێکەڵاوی بێدەنگییە سامناکەکەی ناو هۆڵەکە کرد. دەنگی زریکە و قیژەقیژی ئەوانی ناو هۆڵەکە تا دەهات پترتر دەبوو. فیکەکە سەری لە هەمووان شێواند. خەڵکەکە خۆیشیان نەیاندەزانی چۆن لە هۆڵەکە ڕایانکردە دەرەوە.

میوزیکژەنەکە داوای لە ئالیا کرد کە شەو میوانی ئەو بێت. ئالیا ڕازی بوو. هەر ئەو ئێوارەیە لە ڕۆژنامەیەکی ئێواران، هەموو ڕووداوەکانی هۆڵی شەهید قازی؛ بە دوو نامەکەوە؛ هاوکات فایلێکی تەواو دەربارەی ژیانی فەرماندە سەریاس بڵاوکرایەوە.

ئاریۆسی دارتاش، کە چەند کاتژمێرێک بوو بە مەبەستی بینینەوەی باوک و خوشکە زڕەکەی هاتبووە ئەم شارەوە. بۆ دۆزینەوەی هەلیکار دەستی دایە هەمان ڕۆژنامە، کە ڕیپۆرتاژەکەی دەربارەی هۆڵی شەهید قازی بڵاوکردبووەوە. ئاریۆس بە دەم خوێندنەوەی تەواوی ڕیپۆرتاژەکەوە چەند جارێک، تا بەیانی خەو لە چاوەکانی نەکەوت. بەیانی زوو دەستی کرد بە نووسینی نامەیەک و بۆ هەمان ڕۆژنامەی نارد. دەستی لە تاکسییەک ڕاگرت و ناونیشانی دوایین سنووری شاری پێ گوت؛ بۆ ڕۆیشتن.

دوای نیوەڕۆ ژمارەیەکی زۆر بە تەورەوە هاتبوونە بەردەم هۆڵەکە و داوای گەڕاندنەوەی پارەی بلیتەکانیان دەکرد، بەڵام هۆڵەکە جگە لە پاسەوانێک کەسێکی دیکەی لێ نەبوو. پاسەوانەکە بە خەڵکەکەی گوت: دەتوانن بچنە ژوورەوە، بەڵام جگە لە جنۆکە هیچی دیکەی لێ نییە. خەڵکەکە کە گوێبیستی ئەوە بوون، بە پەلە ئەو ناوەیان بەجێهێشت. دواتر زاندرا، کە چەند سەد مەترێک دوورکەوتوونەتەوە و بە تەور یەکدییان لە ناو بردووە.

میوزیکژەنەکە لە دوای نیوەڕۆ داوای لە ئالیا کرد، لەگەڵ ژەندنی پارچە میوزیکێک سەمای ستریپتیز[٣] بکات. ئالیا وەک ئەوەی هەست بکات، کە دواپین ستریپتێزە ئەو دەیکات، ڕازی بوو. ئالیا تێدەگەیشت، کە میوزیک و سێکس دووانەیەکن لە ڕووی چێژەوە، بەڵام هەرگیز ئەو ڕایەی دەرنەدەبڕی. لە دوا قۆناغی خۆ ڕووت کردنەوەی ئالیا؛ میوزیکژەنەکە سەرشێتانە پەلاماری ئالیای دا. ئالیا بۆ بەرگری کردن هەتا هێزی هەبوو پاڵی بە میوزیکژەنەکەوە نا، میوزیکژەنەکە سەری بەر دیوارەکە کەوت و لە هۆش خۆی چوو .ئالیا بەرەو ژووری چێشت لێنانەکە هەنگاوەکانی خێراتر کرد. بە چەقۆیەکی گەورەوە بەرەو ڕووی میوزیکژەنەکە هاتەوە و تا هێزی هەبوو کێشای بە سەریدا. خوێن فیچقەی کرد؛ ئالیا چاوەکانی بە چەقۆکە هەڵکۆڵی، ڕشایەوە. ئینجا بە هەمان چەقۆ بەربووە خۆی. لە ڕاستیدا هەردووکیان جن چووبووە لەشیانەوە.

دوای هەمان نیوەڕۆ ئاریۆسی دارتاش دوای ئەوەی بە گاز کوشتبووی؛ تەرمی شۆفێری تاکسییەکەی لە ژێر زەویدا حەشاردا.

لە ئێوارەدا ڕۆژنامەکە هەواڵی دابوو، دواپین ژمارەیان دەبێت، کە دەیوەشێنن، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە ستافی ڕۆژنامەکە جن چووەتە لەشیانەوە. هەروەها کۆمەڵێکی زۆر نامەی خوێنەرانی بڵاوکردەوە. لەنێو ئەو نامانەدا نامەکەی ئاریۆسی دارتاشیشی تێدا بوو. کە نووسی بووی:

---

[٣] ستریپتێز: سەمایەکە کیژێک یان چەند کیژێک بەدەم سەماکەوە جلەکانیان دادەکەنن تا ڕووت بوونەوەی تەواو. ئالبەتە ئەم جۆرە سەمایە بە یاوەریی میوزیک ئەنجام دەدرێت.

دوایین جار، کە باوکمم بە زیندوویی بینی، کۆڕەوەکەی ساڵی **١٩٩١** بوو، کاتێک بە هۆی برسێتییەوە دایکم لە ڕێدا کۆچی دوایی کرد و باوکیشم سەرشێتانە منی بەجێهێشت. ئێستایش دوای بیستونۆ ساڵ، تەنیا نامەیەکی باوکمم بۆ ماوەتەوە، لە ڕاستیدا گومانم لەو نامەیەی باوکم نییە، کە بەجێیهێشتووە. لە کاتێکدا ئەو کۆدی خۆ دوورخستنەوەی لە جنەکان بەکارهێناوە، بەڵام بۆ خۆی کوشت!. ئایا جنەکان، کە لە کەسێک نزیک بوونەوە ئیدی دەستبەرداری نابن؟. یانیش بۆچی ئەوان نادیار و ئێمە لەبەر چاویانین. هتد... 'ئەمانە پرسیارگەلن، کە من تا ئێستە نەمتوانیوە وەڵامێکی درووستیان بۆ ببینمەوە'. هەر ئەوەندەی بەردەوام لەبەر خۆمەوە دەڵێم (هوووگ یڕواهـ.. هوووگ یڕواهـ) هەروەها پێشبینی دەکەم بەمزووانە تەواوی مرۆڤەکانی سەر زەوی لە ناو دەچن و جنەکان جێی ئێمە دەگرنەوە.

ئاخر، *ئێمە هیچ شتێکی تازەمان بۆ جیهان پێ نییە.*

ئێستە سەری کردووەتە سەر مێزە بچووکەکەی و بەردەوامە لە نووسینی چیرۆکەکەی. دەکرێت بڵێم ئەو تاکە جنە، کە لە هەموو کردەوەکانی پەشیمانە.

# قسەکردن لەگەڵ مەرگدا

بیرم نییە ئەو شەوە سەعات چەند بوو، کە تارماییەکەم هاتە پێشچاو، هەستم بە لەرزینێکی خۆنەویست و سامناک کرد، سەیر بوو، وەک ئەوەی ئەو شەوە کەسێک چەقۆی لەسەر ملم بێت و بڕیار بەدەستی وی بێت، بە ژنەکەمم گوت، کە دڵم ئازارێکی زۆری هەیە، بەڵام ئەو بێ ئاگا لەو ڕووداوە وەک هەمیشە بە بۆڵە و ورتەورتێکی ژێر لێویەوە، کە تێنەگەیشتم یان گومانم کرد، وەڵامی دابێتمەوە، خۆی لە ژێر بەتانییە شینەکەوە گرمۆڵە کرد. حاڵم باش نەبوو، تاوناتاوێک دەمویست ژنەکەم لەو تارماییە ئاگەدار بکەمەوە. لێ وەک کەسێک دەمم توند ببەستێت، وا نەمدەتوانی چ لە بارەی ئەو مۆتەکەیەوە بڵێم. ئەوە نزیکەی سی‌ونۆ ڕۆژی ڕێکە من ئەو تارماییەم لێ نابێتەوە، بۆ هەر کوێ دەڕۆم کاری وییە، چی دەڵێم قسەی ئەوە، لەو ڕۆژەوە و هەتا ئێستایش، کە ئەم

نـــامەیە دەنووســـم، چ کارێـــک کـــردوومە، ئەو تارمـــاییە پێـی‌کـردووم، تەنـانەت نـاتوانم ئەوەی دەمەوێـت بینووســم، دەمێـک خـوێنم نیشـان دەدا، دەمێـک وردە ماسـیی پرتەقـاڵی، بەردەوام پووچییەکانی خۆم وەبیـردێنێتەوە. هەسـت دەکەم ئەو ڕەنگـانەی ئەو نیشـانم دەدات هـیچ لەو ڕەنگـانە نـین، کە لە سرووشـتی ئـێمەدا هەن. ئەم بەیـانییە قەرزەکـانم هەمـووی دانەوە. بۆ یەکەمین جار دوای چلویەک ساڵ، ژنەکەمم ماچ کرد، ئاریۆسی کوڕە چکۆلەم توند لە ئامێز گرت و تا توانیم بۆنی ژێر گوێیە نەرمەکانیم کرد. ئەو کارانە بەدەستی خۆم بوون، تارماییەکە ئەم بەیانییە بە ڕەوانی هاتە قسە و پێی گـوتم، دەتـبەم لەگەڵ خـۆم، چیـت هەیە، یـان چیـت دەوێ جێ‌بەجێی بکە، ... من دەچمە بەر دەرکە و تۆزێک هەوای پاک هەڵدەمژم، بیرم نەچێت جگەرەیەکیش بکێشم، دەبێت بەیانی زوو لەگەڵ ئەو تارمـاییە بـڕۆم... ئـای، ئەوە بـوون بە دوو تارمایی ئەی خوایەگیان پێڵوەکانم قورس بوون دڕک دەچێ بە گیانما ئای خوایەگیان هەناسەم بو ناد........................................

.........................................................................................

.........................................................................................

...............................

# کوژرانی خاتوو "رونس ئەلینی"

– ئەوەندە گەڕابووین، تا لەبن دارسنەوبەرێکدا کڕ بووبووین، چاوەکانمان بووبوون بە گۆمی خوێن، سیانزە شەوی ڕێک سێ چارەک خەوتین، تا ئەومان لەبن دارێکدا لە نزیک خۆمانەوە دۆزییەوە و بە دیل گرتمان. ئێمە پیشەمان لەتوپەتکردنی تاوانبارانی جەنگ بوو، لێ ئەو کچە دیلەیش لە جەنگدا بوو، لەگەڵ پیاوەکەیدا. لە ڕاستیدا ناسکترین کوشتن، کە من تێیدا بەشدار بووم و بینیوومە کوشتنی ئەو کچە سووروسپییە بوو، کە ناوی رونس ئەلینی بوو. کوشتنێکی بێدەنگ و سامناک. دەبێت ئەوەیش بڵێم، من هەرچی بە تەور دەمکێشا بە سەریدا، وەک ئەوە بوو، ئەو تەورە زەبەلاحە بە ئاسماندا ڕاوەشێنم، لێ ڕێبینی تەڕدەست زۆر زیرەکانە بە گوێزان لە نێوگەڵییەوە هەڵیدڕی، تا قورقوڕاگەی، تەنانەت

بۆری هەناسەی کرد بە دوو لەتەوە. ئەگەرچی بە جێی خوێن هێنـدێ وردە لمـی شـین و تـێکەڵەی ئـاوی ڕەش و قـاوەیی بەرەبەرە زەویەکەی تەڕ دەکرد، مـرد؛ مردنێک، کە تـاریکی و شێواندنی مەوسمی لێکەوتەوە، بە جۆرێک هەمـوو ئاژەڵەکـانی نێـو ئەو نـیمچە دارسـتانە، دەنگیـان گـۆڕا، ئـێمەیش ئەنـدامی نێرینەمـان بـووە ئەنـدامی مێینە، ئەوە تەنیـا مـن بـووم، هەر بە تـێڵاکەی خـۆمەوە مـابوومەوە، **دروووسـت لێـرەدا خوشـکە چکۆلەکەم بە ئاگای هێنامەوە**، یەخەی گرتبووم هاواری دەکرد: دادە هانـا... دادە هانـا... قـالۆنچەیەک لە چێشـتخانەکەیە... هەر ناوی قالۆنچەم بیست، وەک ئەوەی ژێرم هەمـووی ئـاگر بێت، لە ترسدا بە ڕاکردن، تا بەر دەرکە نەوەستامەوە.

- سوپاس، هانا خان، سوپاس. هاوڕێیەکی دیکەمان، لەسـەر هێڵی پەیوەندییەکانە. فەرموون.

چیرۆکی زۆرکورت

# دەرکە ئاسنینەکە

سالانێک بوو لەودیو دەرکە ئاسنینەکەوە گوێبیستی گریانی دەبوون، چەند ساڵ بەر لە ئێستە؛ لە ئەمڕۆدا هیچکەس گوێی لە گریانی نەبوو، دەرکە ئاسنینەکەیش بۆ ئەبەد نەکرایەوە. پیاوە تەنیاکە بووە کرمی بچووک بچووک و لە بن دەرکەکە هاتەدەر و کەسیش ئەمەی نەبینی.

## پێغەمبەرێکی دی

پیرەکە منداڵەکەی بردە چۆڵەوانی و چەقۆکەی لەسەر ملی دانا. نە گریانی منداڵەکە و نە نزای باوکەکە، نەبوونە هۆی ئەوەی خودا بەرانێک بۆ خێزانە هەژارەکە بنێرێت.

# کەناری

"کەناری"یەکە دڵخۆش بوو، بەوەی، بەو زستانە، هێلانەیەکی گەرم شک دەبات؛ بۆ بەخێوکردنی بێچووەکانی.

ئەو هەمیشە لە بیری دەکرد، کە لە قەفەسدایە.

# یاریی منداڵان

خوێنی کوژراوەکە بە شۆستەکەوە مەیی‌بوو، منداڵانیش، کە یارییان دەکرد؛ سوودیان لێ دەبینی.

دەمانچە تەختەکەی دەست دایە و گوتی:
دەی بە گاڵتەوە تۆ باوکمی، وەکوو ئەو لای خوێنەکەیەوە پاڵکەوە.
تاق... تاق... تاقـ

# پشیلەکان

منداڵان بە تامەزرۆیییەوە یارییان لەگەڵ پشیلەکان دەکرد، پیرە بێ حەوسەڵەکان تێلفۆنیان کرد و دەزگەی پاراستنی ئاژەڵان، پشیلەکانی کۆڵانی گوازتەوە بۆ شوێنێکی تایبەت.

منداڵان لەسەر دیوارەکان دەیاننووسی و هەموو شەوێک تا نیوەی شەو بە میاو میاو، نەیاندەهێشت کەس بخەوێت.

دوای پەنجا ساڵ؛ پشیلەکان هاتنەوە؛ منداڵان ڕاوە پشیلەیان دەکرد و دەیانکوشتن؛ پیرەپیاوەکان ئیدی بووبوونە پاسەوانی پشیلەکان.

## بەفر

منداڵان، شێرەبەفرینەیان درووست کرد. پێیان وانەبوو هەرگیز بتوێتەوە، چونکە گەڵێکیان خوو بەو شێرەبەفرینەوە گرتبوو، لێ کە توایەوە؛ تەنیا منداڵێکیش فرمێسکی بۆ نەڕشت.

## له ڕاستیدا هەڵەیەک ڕووی داوە

هەڵەیەک ڕووی داوە! [پیاوەکە چلوچوارساڵی تەمەن بوو، کەچی تەنیا بیستوچوار ساڵی سەرەتای لە کتێبی سزاوپاداشتدا تۆمار کراوە!]

- بیستوچوار ساڵ لەمەوبەر، من هاوسەری
خۆشەویستەکەمم کوشت.
فریشتەی ئازیز!
کتێبەکەی من هەر ئەوەندەی لێ نووسراوە.
من لەمێژە لە ژوورە تاریکەکەی خۆم نەهاتوومەتە
دەرەوە.

## کابرایەکی سوروسپی

پێکەکەی دانا و دەستی بە جوێندان کرد، ساقییەکە بە پاڵ کردییە دەرەوە.

کابرای مەست خۆشحاڵ بوو لەوەی ئابڕووی خۆی کڕییەوە و کەس نەیزانی، کە پارەی پێ نییە.

# لەیبووک

لە دوێنێ شەوەوە دەرِشێمەوە، گەرووم بەڵخی گرتووە، دەمەوێت برِۆمە سەر سەکۆکە و گۆرانی بڵێم، پێم خۆشە هەموان پێم پێبکەنن.

نازانم هۆی چییە دەمبینن، دڵیان توند دەبێت! دەگرییێن! ڕوو وەردەگێڕن! یان بۆ کەس گوێی لە دەنگم نییە.

"ئەو لە سەرمادا پێستی شینومۆر بووبووەوە؛ مردبوو."

## بکوژ پیاوێکی لاوازی بەدمەستە

بە پێوە وەستابوو، سەری داخست و بینی، کە لەشی کون‌کون دەبێت.

پێکەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە و کەمێک سەری هەڵبڕی، چاوەکانی زەق بوون و زۆر لەسەرخۆ کەوتە سەر چۆک؛ ئەو دەیبینی، کەسێک، کە هەر خۆیەتی، قاقا پێی پێدەکەنێت و بەرەبەرە بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە.

# فرمێسکی باوک

"کوڕم تۆ دەبێت بزانیت لەگەڵ کێ هاوڕێ دەبیت." ئەمەت بۆ لە بیر کرد؟ ٢٤ ساڵە بەدواتدا دەگەڕێین؛ چاوەکانت بکەرەوە! ئێستا، تکایە مەمرە... .

## ڕووداوی کاتژمێر ١٢ـی شەو

یانی ئەوەندە بوێری، ناڵێی بمبوورە؟! بۆ دوایینجار پێتدەڵێم: بڵێ داوای لێبووردن دەکەم!

"پیاوی خاوەن ئوتۆمبیلە ڕەشەکە، ئەوەندەی بە پیاوە لاڵەکە گوت و کوشتی."

# ئازار

پێشمەرگەکان لە شاخەکەوە دەهاتنە خوارەوە، لە کاتێکدا تەرمی پێنج سەرباز لە ئەشکەوتەکەدا بوون؛ وا خەریکبوو بۆگەن دەبوون.

# سرووشت

باڵندەکان خۆش دەیانجریواند، کەش سایەقەی ساماڵ بوو، دارستانە زۆر چڕەکە هیی ئەوە نەبوو، کە مرۆڤ لێی بترسێت. تیشکی خۆر و لقوپۆی درەختەکان، نەخشەسازییەکی بێوێنەیان لەسەر زەوییەکە نەخشاندبوو؛

بەڵام ئەمانە چ سوودێکیان هەن، بۆ شەمشەمە کوێرەکان!

*"کەسێک. کە ڕەنگە ڕاوچی بێت، لە دارستانەکەدا، خەریکی کەوڵکردنی شەمشەمە کوێرەکانە."*

# ساتی مردنی گوڵ لە ماڵی پیاوێکی نائومێددا

نەڕەی پیاوێک بەسەر ژنەکەیدا لەراندییەوە. چەند قونگەجگەرە لەناو تەپڵەکێکدا و پێکێک شەرابی سووری بینی و مرد.

- گوڵدانەکە شکا!

(ئێستا، گوڵەمێخەکەکە لە ئینجانەی ژنێکی تەنیادا، لە ماڵێکی چۆڵدا دەژی.)

## مردن لە ناوەوە

لە ناوەوە هەستی بە بڕینی ڕیخۆڵەکانی دەکرد.

*(بەجێمانی مقەستێکی نەشتەرگەری لەناو سکدا، چەند بە ئازارە!)*

# دوایین فیشەک

دیکتاتۆرەکە شقارتەیەکی لە گیرفان دەرهێنا و جگەرەیەکی داگیرساند، نەفەسێکی لێدا و فڕێیدا؛ گوتی: تەرکم کرد. لە دواساڵەکانی تەمەنیدا زۆر شتی تەرک کرد، تەنانەت لە خۆشەویستترینەکانی تەمەنی؛ شەوێکیان بە دەمانچەکەی خۆی دوایین فیشەکی تاقی کردەوە، وەک کەسێک دەمی پڕ لە خوێن بێت و بپژمێت، ئاوا خوێن لە کەللەی سەری دیکتاتۆرەوە ڕووەو دیوارەکە پڕژا.

# پیاوێکی تووڕە لە خوارەوەیە

ئەمڕۆیش حاڵم باش نەبوو. سبەینێیش، کە دڵنیام؛ باش نابێت. هەوڵ دەدەم بتوانم لەگەڵ خۆشەویستەکەمدا نێوانمان باش بکەم. یان هیچ نەبێت نامەیەکی بۆ بنووسم، تێیبگەیێنم، کە لە حاڵێکی خەراپدام. هێڵنج دەدەم و بە سەعات لە بنمیچی ژوورەکەم دەڕوانم. قاقا دەکێشم و دەگرییێم و گۆرانی دەڵێم. قرخەقرخی سینگم دەنگ دەداتەوە و زۆرجار دەبم بە دووان، یانی مرۆڤێکی دی، کە هەر خۆمم، دەبینم. بەڕاستی دەبێت فریام بکەوێت. دەبێت خۆی بێت و ببینێت، کە پیاوێکی گیرخواردووی تووڕە، لە ژێرزەمینێکی تاریکدا، چەند ساڵێکە مردووە.

# دڵی دایک

دایکێک، کە پینەیەکی گەورە بە جلە کوردییەکانیەوەیە، لە گۆڕستاندا، بەدیار دوو گۆڕەوە دانیشتووە؛ بۆ دوو کوڕەکەی دەگریێ.

*دایکتان فەرامۆشی کرد، کە ئێوە لەسەر دزی کوژراون!*

# ژنی ژێوان

لەبەر ئاوێنەکەدا وەستا بوو، دەگریا.

قەڵەملێوەکەی لە تیاهەڵگرەکە دەرهێنابوو، لە ئاوێنەکەی نووسیبوو:
من ئیدی ناگەڕێمەوە.

ژنە، هێشتە *هەواڵی* خۆکوژیی مێردەکەی پێنەگەیشتووە.

## پیاوە تەنیاکە

دوای پانزە ساڵ چاوەڕوانیی، ئێستە ئیدی مووی سەرت سپی، دەموچاوت پیر دەنوێنێت.

گوتت: چیم بە دەست هێنا؟!

گوتی: ڕۆحی پیرۆز.

*فرمێسکەکانت سڕین و بەناو دیوارەکەدا تێپەڕیت.*

## دایکت خەریکی شکاندنی پەیمان نییە

گوتم: بۆ دەگرییێی!

گوتی: دایکم چووە ئاسمان و وەک پەیمانی دابوو جێمنەهێڵێت؛ جێیهێشتم.

گوتم: بێ خەم بە، هەر ئەمشەو دێتەوە.

تەماشـای سـەقفەکەی کـرد، کـونێکی بچـووکی تـێ بووبـوو، کـە دڵۆپە بارانی لێ دەهاتنە خوار.

منداڵەکە بزەیەکی کرد و چووە سەرتەختەکەی و خەوت.

# کەسێک دەگریێ

بەردەوام خەمگین خۆم نیشان دەدەم، نە قژم، نە جلکەکانم ڕێک دەخەم. خووم بەوەوە گرتووە، بگرییێم. یان هیچ نەبێت چاو نەترووکێنم تا فرمێسکم لە چاو دێن. وا هەست دەکەم ئەو کچەی لە تیڤی گوتی: عاشقی گریانی کوڕم؛ هەمیشە دەمبینێت.

## بیستوچوار ساڵی دیکه...

دوای بیستوچوار ساڵ تەباشیرەکەی بۆ مامۆستاکەی بردەوە.

مامۆستاکە چاوەکانی کز ببوون، مەحاڵبوو کوڕە لاوەکە بناسێتەوە.

بەڵام یادەوەرییەکانی لەگەڵیدا دەژیان؛ ئەوە گریاندی.

# شین

تەوقەکانمت لە سەر مێزەکە دادەنێیت و نازانیت ئەمڕۆ بە کامیان قژت ببەستیت. دەستەکانت دەخەیتە ژێر چەناگەتەوە؛ چۆن بتوانیت لەگەڵ من منداڵێک درووست بکەیت.

بە دەنگی دایە... کوڕەکەت بە ئاگات دەهێنێتەوە و دەڵێ، کە **من** لەبەر دەرکە چاوەڕێتم، بۆ قوتابخانەت بگەیێنم.

# مەرگی کۆتر

چوومە سەربان و دیتم، کە پشیلەیەک خەریکی خواردنی کۆترەکەمە. هەنگاوەکانم قورس بووبوون، نەمدەتوانی کۆترەکەم ڕزگار بکەم. خەبەرم بووەوە و بەو نیوەشەوە ڕامکردە سەربان، پشیلەکەم ڕاونا و کۆترەکەمم، کە هەستمکرد تەڕە؛ توند لە باوەش گرت.

... ناتوانم وەڵامی حاجی عەلی درواسێمان بدەمەوە؛ ئەو دەڵێت: باشە خۆ هیچ شوێنیکی بریندار نەبووە، ئەم خوێنە چییە بە سنگییەوە!

گوێشم لێیە، کە کاک غەفوور دەپرسێت: کەس نازانێت بۆچی خۆی فڕێداوەتە خوارەوە؟

ئیتر هەست دەکەم لە دوای هاوارکردنەکەم، بەرەبەرە لەشم سارد دەبێتەوە و سەرمامە.

# مەیتبەر

بکوژەکە بە دوای کەسێکدا دەگەڕا؛ کە بۆی دەگەڕا. ئەو کەسە، هەمان ئەو کەسە بوو کە پێش یەک هەفتە، شەوێکی تاریکی زستان، پێکەوە پیاسەیان دەکرد؛ تەرمی پیاوێکی ڕەشتاڵەیان دۆزییەوە کە لە ناوقەددا کردرابوو بە دوو کەرتەوە.

مەیتبەریش بە هۆی یەک دڵۆپ خوێنی مەییوەوە کە بە سەعاتەکەیەوە قەتماخەی دابوو، گیرا. ئەو ساڵانێکی زۆر لە باخی پیرۆز دەژیا. هەر لەوێش پارچەپارچەیان کرد. چونکە دەستدرێژی کردبووە سەر گوڵی سوور.

"لێدوانی پیاوێکی وڕێنەکەر، دوای خوێندنەوەی چیرۆکی "مەیتبەر، باخی پیرۆز، یەک دڵۆپ خوێنی مەییو"ی تێکۆشەر خالید"

## پیاوکوژ

دەستەکانی لە گیرفانەکانی نابوون و تەماشای ماشێنی مەیتگوازتنەوەی دەکرد، کاتێک تەرمی کوژراوەکەیان دەگوازتەوە.

ئەو ناوە چۆڵ بوو، تەنیا ئەوی لێ مایەوە، کە لەوبەری شەقامەکەوە سەرنجی خوێنی بەجێماوی کوژراوی دەدا.

چووەوە ماڵ و لە بەردەم دەستشۆرەکەدا وەستا. "چاوەکانی بچووک کردبوونەوە و سەیری ئاوێنەکەی دەکرد و لەبەرخۆیەوە دەیگوت: هەی پیاو کوژ..." لە کاتێکدا خەریکی شووشتنی دەستە خوێناوییەکانی بوو.

# لە چاوەڕوانی بەرەو گۆڕستان بردن

- لەسەر باڵکۆنەکە کەوتمە خوارەوە و مردم. یان هێزێکی نەبیندراو پاڵی پێوەنام؛ نازانم! کاتێک کەوتمە خوارەوە، وەک تۆپێکی زیکزاک بەرزبوومەوە و هەمان خۆمم لەسەر زەوی دەبینی.

.... ئەی تۆ خانم. تۆ چۆن مردیت؟.

- منیش لە پێناو کەسێکدا، کە مەعشوقی پێشووم لە باڵکۆنێکەوە هەڵیدایە خوارەوە. لە باڵکۆنێکەوە خۆم هەڵدایە خوارەوە. ئاخر ئەو کەسە هاوسەرم بوو.

## لێوکرۆژتن

چلوچوار ساڵم تەمەنە.ماڵەکەمم پڕ کردووە لە ئەنگوستیلە. بیست ساڵە خەریکم. هەموو جۆر و هەموو نرخەکانم هەن. کاتێک ئەگوستیلەیەک لە پەنجەی هەر کچێکدا دەبینم، لێومی بۆ دەکرۆژم. خەیاڵ دەکەم، هەموو ئەنگوستیلەکان لای من بن. خەیاڵ دەکەم، هیچ نەبێت جارێک ڕێت دەکەوێتە لای من.

بیستویەک ساڵ لەمەوبەر خەونم بینی؛ تۆ دێیت و ئەنگوستیلەیەک هەڵدەگریت، کە من نەمبینیوە. ڕەنگی ئەنگوستیلە هەڵبژاردەکەی تۆ داهاتووی منە.

# دوایین ڕۆژی ماسیگرێکی بەدبەخت کە هەمیشە ماسی قولاپەکەی ڕاو دەکرد

دەستەکانی شل بووبوون، داری قولاپەکەی خستە کۆشییەوە. پیاوە پیرەکە لەبەرخۆیەوە ئەو گۆرانیانەی دەگوت، کە چەند ساڵ بوو، بووبوونە بیرەوەریی.

ماسییەکی زۆر گەورە پارچە نانێکی بینی و شالاوی بۆ برد.

پیاوە پیرەکە بە بێ قولاپ چووەوە ماڵەوە، یەک ماسیی مابوو، خواردی، دواتر چووە سەرتەختەکەی و بۆ هەمیشە خەوی لێ کەوت.

# دۆزینەوەی دوورگەیەکی تر

پیاوە سمێڵزلەکە: گوێبگرن من خاوەنی ئەم دوورگەیەم.

دوورگەییەکان: بەڵێ، گەورەمان.

سبەی هەمووان ئەو شوێنەیان چۆڵکرد، دوورگەیەکی دیکەیان دۆزییەوە.

(ئێستە فەرماندارى دوورگە تازەکە؛ پیاوە سمێڵزلەکەیە.)

# ئەوینی دووری کچێکی گۆرانیبێژ

پێمدەڵێ: منیش خۆشمدەوێیت.
کاک عەلی ئەمە بۆ من هەموو شتێکە!
ئێستە شەوان زۆر کەم دەچمە کن ماڵیان، بەردەوام گوێ لە گۆرانیی دەگرم، لە ڕێکردندا تەماشای کەس ناکەم، ئەو بە من دەڵێ خۆشمدەوێیت... بۆ تێناگەیت، هەمووان لە ئاست خۆشەویستی من و ئەو کچەدا بچووکن.
ئاهێکی هەڵکێشا و بەردەوامبوو:
کاک عەلی گیان...
ئەگەر خەیاڵ نەبووایە، من نەمدەتوانی بەر بە ئازاری ئەم خۆشەویستییە بگرم.

## چی دەڵێیت دەربارەی ئاسمان؟

تماشای ئاسمانی دەکرد و گوتی:

بابە دەمەوێت دەستی لێبدەم. ئەی تۆ نەتگوت کە دایکم ئەوەتا لە ئاسمان خەوتووە.

(بابە بێدەنگ بوو)

...منداڵەکە لەسەربان دانیشتبوو تەماشای ئاسمانی دەکرد و لە ژێر لێوییەوە دەیگوت:

ئاخری باوکیشم چوو بۆ ئاسمان، قەینا بەس نییە نەچوونەتە ژێر زەوی و بە ئاسانی دەیانبینم.

# ژنێکی ڕەشپێستی ناو باڕی سیسی وارشۆ

من سیوشەشساڵمە، تۆ لەدایک نەبوویت، کە من یازدەساڵ بووم. بەڕێز، بۆیێ بەم کارەی من دەگوترێت لەشفرۆشیی.

لاوەکە جلەکانی لەبەرکردنەوە و جگەرەیەکی داگیرساند؛ ئەوکات بیری لە خوشکە ونبووەکەی دەکردەوە، کە یازدەساڵ لەو گەورەتر بوو.

## به گوێزان دەماری مل بڕین

- شـــوفێری ئوتـــۆمبێلەکە بەرەو تـــاقە فـــولکەی ســـەروو کۆڵانی برایم ئەحمەد دەڕۆیشت، لە ناکاو پشیلەیەک کەوتبووە ژێر تایەی ئوتۆمبیلەکەیەوە_
- یانی خۆکوژیی بە ئازار لە پێناو پشیلەیەکدا!؟

# شار

## بڕیار

دوو لاوە هەژارەکە دەستکێشە ڕەشەکانیان کردە دەستیان.

# کوژران

پیاوێک دوو کەسی باریک و لاوازی لە باڵکۆنی ماڵەکەیەوە هەڵدایە خوارەوە، و ژنەکەی، کە لەبەرچاوی بووبووە سۆزانی، سەربڕی و خۆیشی بە پشتوێنەکەی خۆی، خۆی خنکاند.

پیاوەکە ناوی شینەی عەبەی چەقۆ بوو.

## ژنێک لەسەر سیسەمە زەردەکە نووستووە

ژنێک، کە خەونی دەبینی، لەناکاو خەونەکەی پچڕا و بۆ
هەتاهەتایە بەئاگا نەهاتەوە.
ژنێک لەسەر سیسەمە زەردەکە پاڵکەوتووە

# ئەو کوڕەی خۆشەویستەکەی خۆی بە بلۆک کوشت

کوڕە قژدرێژ و ڕیشپڕەکە مردنی دایک و باوکی و بێ ئاکام بوونی لە عەشقەکەی، کردییە بکوژ.
*'ئەم ڕووداوە دوانیوەڕۆی ڕۆژێکی هاوین، لە ساڵی ١٩٩١ لە کوردستان ڕوویداوە'*

## شار

لەسەر ئەم بەرزاییيەوە شار زۆر بێدەنگە، هیچ جوڵەیەک، هیچ شتێک ڕەنگە بوونی نەبێت.
'بۆ یادگاریی، برادەران: شاکار، سەرتیپ، دێرین و ئاری، دەخۆینەوە.'

ئەوان لەبیریان کرد، کە دوو برادەریان بە دزییەوە گیراون و دواتر کوژراون.

# بەفر

## پچڕانی تەزووی کارەبا

کچێکی پاکەت فرۆشی نامۆ، لە شەقامی چلوهەشت، بە هۆی سەرماوە گیانی لە دەستدا، شایەنی باسە، بەفر بارینێکی سەخت، هەفتەیەکە سەرانسەری وڵاتی گرتووەتەوە و چارەنووسی هەزاران منداڵی کارکەر نادیار ماوەتەوە.

"چک"

## دوو عاشقی هەڵاتوو لەناو بەفرەکەدا ڕۆژیان کردەوە

- گەر دڵەکانمان بکەینە چرا بۆ ئەوسەر، ئەوا ڕووناکترین کۆتاییمان دەبێت.
- گەر چراکانمان خۆشبویٚت، چی!
- ئیتر دڵەکانمان بەجێ دەمێنێت.
- بەجێ دەمێنێت!
- بەجێ دەمێنێت.
- بیرم کەوتەوە، من دەترسێم!
- چی؟
- گۆڕستان...

## بەفری شادیی

- ئەم بەفرە گاڵتینەیە، کەچی هێشتا دەتوانێت، شادت بکات.
- بەفرم وەک ئەسپ خۆشدەوێت.
- دەزانم، هاوڕێیەکیشم ئەسپی هەیە.

"هەڤپەیڤینی دوو منداڵ، کە باوکیان لە بیابانی خواروو، زیندەبەچاڵ کردراون"

# ئەو پیاوەی کوندەپەپوویەکی کوێر لەسەر شانەکانی نەدەژیا

بوتڵە شەرابەکەی لە چکێنەرە[٤] کۆنەکە دەرهێنا، تا دوا دڵۆپی نا بە بینیەوە. پەنجە باریک و درێژ و لەرزۆکەکانی لە ژوورەکەدا ڕادەوەشاند و نەیدەزانی دەستی بەر چ شتێک دەکەوێت، غازەکەی بەجێی 'بەلۆعەی مەخسەلەکە' کردەوە و بێ هۆش کەوت.'

*'مەبەست لە چیرۆکنووسی فارسیزمان، سادق هیدایەت نییە.'*

---

[٤] چکێنەر: سەلاجە- بەفرگر

## بووکەشووشەکە بە تەنیا مایەوە

ژنە لاوەکە چەقۆکە لە پشتی چەقی و پیاوەکەیش دەستەکانی دەلەرزین.

*(لەسەر مێزی نانخواردنەکە، لە مۆبایلێکدا گرتەی ڤیدیۆیی ژنەلاوەکە بە ڕووتی، پەخشدەکرا)*

## لە تازییەدا، دەنگی شین و ڕۆڕۆی کچێکی بیستودووساڵ دێت.

دەنگــی گــۆرانییەکە، تــێکەڵاوی تەقەی پــوولی دۆمیــنە و هەراوزەنای خەڵکەکە بووە.

گەنجێک دەنگی بەرزتر لە هەمووان دەبیسترێت؛ هاواردەکات؛ دەکەوێت بە زەویدا.

پیاوە گوێسمراوەکە، لە چایخانەکە دەچێتە دەرەوە.

دەنگی ماشێنی مەیتگوازتنەوە دەگاتە جێ و پوولی دۆمینەکان لەسەر مێزەکە، بە ڕیزنەکراوی جێهێڵدراون، دەنگەوەرەکەیش، دەنگی گۆرانیبێژەکەی بڵندتر کردووە.

تەنیا دوو ئاژان و ئەفسەرێک لەوێن؛ ئەفسەرەکە، تەماشای گوللەیەکی تەقێندراو دەکات و لێی ورد دەبێتەوە.

## مردنی ژمارە ٤٥

کچەکە پێنج دەنک حەبی خوارد.
خۆشەویستەکەی، کە ئەم هەواڵەی بیست، خۆی کوشت.

(ببوورن، کچەکە بە درۆوە، بە خۆشەویستەکەی گوتبوو:
پێنج دەنک حەبم خواردووە)

## مردنی ژماره ۱

فریشتەکە، سکی پیاوە پیرەکەی هەڵدڕێ.
کەس برینەکەی نەدەبینی،
' تەنیا وایاندەزانی، کە لە سەرمادا ڕەقبووەتەوە.'
" ئەو ئێستا، تەمەنی یەکڕۆژە؛ لەماڵێکی دەوڵەمەنددا دەژی."

## گەڕانەوە بۆ سەرەتای مانگی چواری ساڵی ٢٠٠٦ لە کەرکووک، کاتژمێر ٧ـی ئێوارە.

ئێستا، هەموو ئەوانە دەبینم، کە مردبوون، تووشی شۆک بووم؛ ئەوانی، کە نەمردوون، دەتوانن بەناو دیوارەکاندا تێپەڕن؛ سەر لە ئەمە دەرناکەم!
بۆ واملێهات؛ دەبێت هەر ئەوە نەبێت، کە دوای زرمەکە، دڵم گەرمبوو و هەستمکرد، پێستم وشک دەبێتەوە!

# کچێک شەش کاتژمێر پێش ئێستا دەستی کرد بە گریان.

هەژدە ڕۆژ بوو، پەیوەندی خۆشەویستییان بەستبوو. کوڕە لاوەکە، چووە بەردەمی خۆشەویستەکەی و گوتی:
- ببوورە، دەتوانین یەکدی بناسین؟ هەست دەکەم، تۆم ساڵان پێش ئێستا بەرچاو کەوتووە.

*(کوڕە لاوەکە، تووشی نەخۆشیی لەبیرچوونەوە بووبوو)*

کۆتایی

بەڵێ، هەڵەیەک ڕووی داوە

# Yes, a mistake has happened

Short Story

by

Tekoshar Khalid